پارێزگاری هەولێر سەردانی بەرسەی بازرگانی دیاربەکر لە باکووری کوردستان کرد

پارێزگاری هەولێر سەردانی بەرسەی بازرگانی دیاربەکر لە باکووری کوردستان کرد.

رۆژی چوارشەممە (1ـی ئایاری 2024) ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ شاری ئامەد لە باکووری کوردستان، سەردانی بەرسەی بازرگانی دیاربەکری کرد و لەلایەن ئەنگیل یەشیل، سەرۆکی بەرسە و ئەحمەد ئای، سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی بەرسە پێشوازی لێکرا.

لەسەرەتایی دیدارەکەدا، لەلایەن سەرۆکی بەرسە و سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی بەرسەی بازرگانی دیاربەکر، کورتەیەک لەسەر کار و چالاکییەکان و مێژووی دامەزراندن و بەرنامەی کار و پلانی بەرسەی بازرگانی دیاربەکر لە بوارەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و دابینکردن و هەناردەکردنی خۆراک خرایەڕوو.

پاشان لەلایەن پارێزگاری هەولێر، تیشکی خرایەسەر بەرەوپێشبردنی زیاتر و چاکترکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و چۆنیەتی بەهێزکردنی و ڕایگەیاند: "بەشداریمان لە پیشانگای میزۆپۆتامیا لە شاری خۆشەویستی دیاربەکر، ئامانج لێی خزمەتکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییکانمانە لە سەرجەم سەکتەرە جیاجیاکان و بۆ ئەمەبەستەش لە پەراوێزی پیشانگاکە چەندین دیدار و کۆبوونەوەی گرنگمان هەبووە".

ئومێد خۆشناو وتیشی: دەنیای دەدەین کە پرسی کشتوکاڵ و دانەوێڵە و سامانی ئاژەڵی، لە ئەولەویەتی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە و بە خودی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش

جێگەی بایەخ و گرنگییە.

پارێزگاری هەولێر، لە تەوەرێکی تری دیدارەکەیدا هەموو ئەو هۆکار و گرفتانەی خستەڕوو کە بەشێک بوونە لە دروستکردنی بارودۆخێکی نەخوازراوی زیان گەیاندن بە کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان، لەوانە ڕاگواستنی گوندنیشینان لە سەردەمی ڕژێمی لەناوچوو و گەمارۆی ئابووری و سیاسەتی وڵاتی ناوچەکە، گوتیشی هەشتا مەترسییەکان لەسەر ئەوکەرتە ماوە، لەوانەش گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا، کە نەک بە هەرێمی کوردستان بگرە هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەرجەم وڵاتانی جیهان.